# رامانێن هێگلی

## بەشی یەکەم
## هەندێ وانە لە بارەی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح
## (دیاردەناسی زەین)

ن: رامین جهانبگلو
و: ئیدریس شێخ شەرەفی

### وانەی یەکەم

١- لە دیباجەی فینۆمینۆلۆژیا چەند مانگێک پاش کۆتایی هاتنی کتێبەکە نووسراوە. بەشێکی زۆر لە راڤەکانی هیگڵ لەسەر ئەو بڕوایەن کە پێشەکی فینۆمینۆلۆژیا لە یەکەمین بەشەکانە کە هیگڵ نووسیویەتی، بەڵام دیباجە دواتر نووسراوە. هیگڵ لە سەرەتای دیباجەکە (پەرەگراف ١ تا ٤) لەبەر تەسکی و سنوورەکانی نووسینی دیباجەیەک بۆ بەرهەمێکی فەلسەفی ئاگادارمان دەکاتەوە. لە روانگەی هیگڵەوە دیباجە بەمانای کورتکردنەوەی هەڵوێستی فەلسەفی فەیلەسووف نییە، تەنیا دەتوانین لە قاڵبی رەخنەگرانە (واتە دیالێکتیکی)دا پرۆسەی هاتنەبوونی سیستەمێکی فەلسەفی بدۆزینەوە.

٢- لە روانگەی هیگڵەوە، ناتوانین کۆمەڵێک لە زانیاری بە «مەعریفەی زانستی» ناوزەد بکەین. تەنیا هزری

سیستەماتیکە کە مەعریفەی ڕەهای لێدەکەوێتەوە.

مەبەستی هیگڵ لە زانست (Wissenschaft) میتافیزیک یان فەلسەفەیە، لێرەدا و لەراستیدا هیگڵ شوێن پێی ئەم هزرە کانتیەی ناو (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی) هەڵدەگرێت کە «پێویستە میتافیزیک بگاتە پلەی زانست ئەگینا هیچ نییە».

٣- دەبێ بۆ گەیشتن بەزانست و مەعریفەی ڕەها بەدوای ڕەوتی مێژوویی فەلسەفەدا بچین. ئەم ڕەوتە بەقۆناغی جۆراوجۆردا تێدەپەڕێت. ئەو نموونەی هیگڵ بۆ خوێنەرەکان دەیهێنێتەوە نموونەی گۆڕانی خونچە بۆ گوڵ و گوڵ بۆ میوەیە. لێرەدا «نەرێیەتی – منفیت» ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە دەرکەوتن و ئاشکرابوونی ناوەکی مێژووی ئاگایی.

٤- مێژوو هیچ نییە جگە لە پرۆسەی دروستبوونی ئاگایی.

٥- پرۆسەی دروستبوونی ئاگایی. حەقیقەتی ڕەها یان ڕەها وەک حەقیقەتە.

حەقیقەت تەنیا بەشێوەی چەمک (Begriff)و ڕەوتی سیستەماتیکی چەمک دروست دەبێت.

٦- هیگڵ ئەم شێوە سیستەماتیکەی هزر لە چوارچێوەی کانتییەکprolegomenaدا نابینێت، بەڵکو لە شێوەی سیستەمێکی میتافیزیکدا دەیبینێ کە لەسەر بنەمای ڕەوتی دیالێکتیکی زەین دامەزراوە.

٧- بابەتی سەرەکی هزری فەلسەفەی ئایین یان ئەڤینی عیرفانی نییە کە لەسەر بنەمای مەعریفەی پێژنی (شهودی) دامەزرابێت، بەڵکو غایەتەکە گەیشتنە بەچەمکی ڕەها. لێرەدا مەبەستی هیگڵ ڕەخنەگرتنە لە فەلسەفەکانی، یاکۆبی (Jacobi)، شلینگ و شلایرماخێر (schleiermacher).

٨- هیگڵ شۆڕشی فەرەنسا وەک چەرخێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتی دەبینێ کە پێویستی بە هزری نوێ و سیستەماتیک هەیە. ڕۆحی جیهان بەشێوەیەکی بەردەوام لە جوڵەدایە تا ئەوکاتەی دەستی بە ڕەهای حەقیقەتی خۆی رادەگات.

٩- بەبۆچوونی هیگڵ رەها هاوکات سوژەو خودە. هەر بەم هۆیەیە کە ئایدیالیزمی هیگڵی وەک ئایدیالیزمی رەها ناسراوە. لەم ئایدیالیزمەدا رەها زەین یان رۆحی رەها، یەکیەتی و یەکسانی سوژەو خودە.

١٠- لێرەدا هیگڵ هەوڵدەدات تا بەپێچەوانەی ئاراستەی پاش کانیتەکان (واتە شلینگ و فیشتە) بگاتە ئەودیوی دوالیزمی بابەتی و زەینی بابەت و زەین. لە روانگەی هیلگەوە ئەو رێگا چارەیەی فیشتە (Fichte) دەخاتە ژێر پێی فەلسەفە وەکیەکی زەینی بابەت و زەینە، بەبۆچوونی هیگڵ ئەو وەکیەکیەی کە فیشتە بەدوایەوە ناتەواوە، چونکە لە چەمکی رەها (absolute coucept) یان بەجۆرێکی تر، رەهای حەقیقەت دەتوانێ ئەم وەکیەکیە بەدەست بێنێ.

١١- هەر بۆیە هیگڵ حەقیقەت وەک هەمەکێک بەیان دەکات. حەقیقەتی هەمەک لە هەمەکی حەقیقەتدایە نەک لە هەندەکەکانی. تەنیا بەگەیشتن بەهەمەکیەتەکە دەتوانین بگەین بە حەقیقەت. دەبێ بۆ گەیشتن بەم هەمەکیەتە لەرەوتی دروستبوونی تێبپەڕین. حەقیقەت لە شێوەیەکی سیستەماتیکدا بەیان دەکرێ، واتە خودێکە کە وەک بابەتی بەرجەستە دەبێت.

١٢- بەرجەستەبوونی خود وەک بابەتی (زەین) بەمانای زەینی بوونی فەلسەفەی هیگڵ نییە. چەمک یان ئایدیا، بارێکی زەینی نییە بەڵکو خودان بابەتیەتێکی دیاردەناسانەو مێژووییە.

١٣- بۆ هیگڵ ئایدیالیزمی رەها لە یەکیەتی و وەکیەکی چەمکی زەینی و چەمکی بابەتی دایە، واتە یەکیەتی ئەو شتەی کە بەشێوەیەکی بابەتی لە بابەتەکاندا هەیە لەگەڵ ئەو شتەی کە بەشێوەیەکی زەینی لە زەینەکانی دایە. لە روانگەی هیگڵەوە زانست لە وەکیەکی فەلسەفە، ئایین، ئەخلاق، سیاسەت و هونەر لە قاڵبی سیستەمی هزری فەلسەفیدایە. لێرەدایە کە بابەتیەتی واقیعی (راستەقینە) و واقعیەتی زەینی لەتەک یەکتردا بەیەکسانی دەگەن.

کەواتە سیستەمی هیگڵی خاوەن یەکیەتیەکە کە بەشە جۆراوجۆرەکانی لە یەکتر نزیکیان دەکاتەوە. بۆ گەیشتن بەم یەکیەتی و یەکتاییە دەبێ لە قۆناغ، پلەو پێگەی دیاردەناسانەی ئاگایی تێبپەڕێت. تێپەڕینی دیاردەناسانەی ئاگایی لەم قۆناغانە وەک سەفەرێک ئەنجام دەدرێت کە زەین تێیدا خۆی کەشفدەکات، تەنیا لە رێگای ئەم سەفەرەوەیە کە هزرە فەلسەفی و سیاسییەکانی دەگۆڕێن بۆ چەمکی حەقیقی.

١٥- مەعریفەی رەها لەمەڕ واقعیەت، راستەقینەترین شێوەی حەقیقەتە، واتە لەو جێگایەی کە چەمک دەستی بەئازادی بێکۆتایی خۆی رادەگات.

١٦- لە روانگەی هیگڵ بنچینەی فەلسەفە، چەمکی بێکۆتایی ئازادە.

١٧- حەقیقەتی فەلسەفە لە چەمکدایەو چەمک لە رەوتی پێکهاتنی سیستەماتیکی هەمەکیەت دا دروست دەبێت.

١٨- ئامانجی هیگڵ دوان نییە لەمەڕ بارو بنچینە جۆراوجۆرەکان، غایەتەکەی بەیانکردنی سیستەماتیکی مێژووی جیهانە لە قاڵبی فەلسەفەدا.

١٩- هەر بۆیە فەلسەفە یان زانست یان «فەلسەفە لە پلەی زانستدا» بۆ هیگڵ نە ئایدیالیزمە نە فۆرمالیزم، بەڵکو ئایدیالیزمێکی رەهایە کە لە حەقیقەتی چەمکدا، کورت بووەتەوە. حەقیقەتی چەمک بەپشتبەستن بەبنچینەی نەرێیەتی (منفیت)، رەوتی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) سیستەمی زانستی پێکدەهێنێ.

٢٠- هێگڵ بڕوای وایە: «توخمی جوڵەی دیالکێتیکی چەمکی پەتیە». بەوتەی هیگڵ دەتوانرێ لەناو خودی جوڵاوی چەمکدا بەدوای نیشانەی سەرەکی سیستەمی فەلسەفەی دا بگەڕێین.

٢١- هیگڵ لە پەرەگرافی ٥ تا ١٦ی دیباجەدا، رەخنە ئاراستەی هزری رۆمانتیک دەکات. لە روانگەی ئەوەوە هزری رۆمانتیک بیرێکە کە بڕوای بەجۆرە ئاگاییەکی بێنیوبەندو ناوبژیوانی نەکراو هەیەو لە رەوتی دیالێکتیکی چەمک تێناگات لێرەدا هیگڵ زیاتر سەرنجی لەسەر فەلسەفەی شلینگە.

٢٢- لە روانگەی هیگڵەوە هەڵەی شلینگ لەوەدایە کە لە چوارچێوەی مەعریفەی پێژنیدا بەدوای مەعریفەی فەلسەفی دادەگەڕێت. بەڵام هیگڵ بەپێچەوانەوە پێیوایە کە پێویستە بۆ گەیشتن بەمەعریفەی فەلسەفی لە قۆناغەکانی خودئاگایی چەمک تێبپەڕین. لە روانگەی هیگڵ خودئاگایی چەمک، چوارچێوەیەکی گشتی هەیەو حەقیقەت لە هەمەکیەتی ئەودا دێنێتە بەرباس، ئەوە لەکاتێکدایە کە هزری پێژنی شلینگ لە توانایدا نییە حەقیقەت لە هەمەکیەتی ئەودا بەیان بکات.

٢٣- هیگڵ چەمکی رەها لای شلینگ بەشەوێک دەچوێنێت کە «تێیدا هەموو گایەکان رەشن». ئەم رەخنەیەی هیگڵ لە شلینگ بووە هۆی ئەوە کە هاوڕێیەتی چەندین ساڵەیان کۆتایی پێ بێت.

٢٤- هیگڵ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە کولتووری رەشۆک کە لە رۆژانەییدا دەژیت هێشتا نەگەیشتووەتە پلەی حەقیقەتی چەمک و هەربۆیە ناتوانێ حەقیقەتی بناسێت.

٢٥- دەبێ بۆ دەست راگەیشتن بەفەلسەفەی حەقیقەت. حەقیقەتی فەلسەفی وەراست بگەڕێنرێ، واتە بچێتە ئەودیوی بارودۆخی لەخۆ بێگانەبوون کە کۆمەڵگاو کولتوور بەشێوەیەکی رۆژانە لەگەڵیدا گیرۆدەن.

٢٦- پێداویستی فەلسەفەی حەقیقەت، زمان و کولتوری فەلسەفیە.

٢٧- کەواتە ئەو پرسیارانەی کە لە دیباجەی فینۆمینۆلۆژیای رۆح (دیاردەناسی زەین) دا بۆ هیگڵ دێنە ئاراوە بریتین لە:

١- حەقیقەتی فەلسەفی چییە؟

٢- توخمی هەمەکییەت کامەیە؟

٣- چۆن دەتوانین حەقیقەتی فەلسەفی بەرفراوان بکەین؟

٤- بۆچی فەیلەسووفە پاش کانتیەکان دەستیان بەحەقیقەتی فەلسەفی راناگات؟

٥- بۆچی کولتووری گشتی رۆژانە توانای دەرککردنی حەقیقەتی نییە؟

٦- بۆچی حەقیقەتی فەلسەفی تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی زانستدا دەشێت بناسرێت؟

## وانەی دووەم

١- دیباجەو پێشەکی فینۆمینۆلۆژیای رۆح بەپلەی زانست نایەت، زانست دەرەنجامی سیستەمە، بەڵام دیباجە و پێشەکی، هەندێ قۆناغی پێویستن بۆ خستنەڕووی پرسی زانست و بەدەستهێنان.

٢- دیباجە قۆناغی کۆتایی نییە، هەروەک چۆن خونچە قۆناغی کۆتایی نییە، چونکە گوڵ حەقیقەتی حونچەیە. بەڵام هەروەک چۆن خونچە، گوڵێکی ناتەواوە، دیباجە قۆناغی ناتەواوی سیستەمە. ناتوانین لە دیباجەدا راوەستین. پێویستە دیاردەناسی تا کۆتایی بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی بگەین بە قۆناغی مەعریفەی رەها.

٣- ئاگایی لەمەڕ حەقیقەت وەک هەمەکیەت، لە کۆتایی رەوتەکەدا بەدەستدێت. لەروانگەی هیگڵەوە حەقیقەت، رەوتی چەمکە لە جوڵەی هەموو سیستەمی زانستدا میتۆدی سیستەمی هیگڵ لە رەوتی چەمکدا کورت دەبێتەوە. میتۆد بۆ هیگڵ زانستی لۆژیکە.

٤- هیگڵ جیاوازی کانتیانەی نێوان هێزی عەقڵ (Vernunft) و هێزی هۆش (شعور) (verstand) لە بەرژەوەندی هێزی عەقڵ بەکۆتا دێنێ.

٥- رەخنەی کانتی لە میتافیزیک، بەرەو جۆرە رێژەگەرایی مەعریفەیی یان بەشێوەیەکی باشتر بەرەو رێگای چارەی نازانمگەرایی پەلکێشمان دەکات. بەبۆچوونی کانت لە سنووری «رەها»دا هیچ شتێک بۆ ناسین ناشێت، واتە بەجۆرێکی دیکە ناتوانرێت هیچ شتێک بەشێوەی رەها بناسرێت.

٦- سنوورو قەڵەمڕەوی رەها بۆ کانت. سنوورێکە کە تێیدا ئایدیاگەلی بەرزێتی (تعالی) وەک خودا یان هۆکاری یەکەم دێننە بەرباس. ئەم ئایدیانە دەرەنجامی کردەوەی سێنتێز ئاسای عەقڵە.

٧- لەروانگەی کانتەوە هێزی هۆش (شعور) بەسوود وەرگرتن لە بنچینەو وتەزاکان دەتوانێت لە جیهاندا، دیاردەکان بەرەو لای زانستی ئەزموونی رێنوێنی بکات.

٨- بەبۆچوونی هیگڵ، بەپێچەوانەوە، ئەو ناسینەی کە هۆش لە بنەماکەیدا بێت، جۆرێکی پووچتر، نزمتری ناسینە، لە روانگەی هیگڵەوە ناسینی هۆشەکی، ناسینی زانایەکە کە شارەزای بیرکردنەوەی فەلسەفی نییە.

٩- لە روانگەی هیلگەوە، عەقڵ ئەو دەرفەتەمان پێدەدات بۆ ئەوەی رەها بەدەست بێنین.

١٠- کانت پێیوایە؛ ئەو بنچینانەی کە عەقڵ لە رێگای ئەوەوە هەوڵدەدات خۆی بگەیەنێتە پلەیەک لە مەعریفە (ناسینی) میتافیزیکی، دەبنە هۆی ئەوە کە عەقڵ تووشی paralogismes (یان باشترە بێژین سەفسەتەی ناخود ئاگا)و antinomies (واتە رێگاچارە دژەکان کە ئەرگۆمێنت و بەڵگەی وەک یەک بەهێز دەردەبڕن) ببێت.

١١- هیگڵ بۆ وەڵامدانەوەی بەم کێشە کانتیانە خەریکی ئەزموونی مەعریفەیە لە هەناوی رەوتی ناسیندا. لە پەرەگرافی ١٠ئەنسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفیەکاندا دەنووسێت: «ویستی مەعریفە بەر لەناسین بەهەمان رادەی فێربوونی مەلە بەر لە خۆ خستنە ناو ئاوەوە پووچ و بێ مانایە».

١٢- کەواتە بۆ هیگڵ پرسی paralogismes دەرەنجامی بێتوانایی عەقڵ نییە، بەڵکو دەربڕی ئەم بوارەیە کە میتافیزیک دۆگماتیک سوود لە چەمکی چەوت وەردەگرێ بۆ بیرکردنەوەی جیهان و مرۆڤ.

١٣- هیگڵ وەڵامی پرسی antinomies لە چرکەی دیالێکتیکی ئایدیا دەدۆزێتەوە. لە روانگەی هیگڵ ئەم چرکە دیالێکتیکیە، لۆژیک و بوونناسی (ئەنتۆلۆژی) بەیەکەوە گرێدەدات.

١٤- هیگڵ دەڵێت: «دژایەتی لە هەناوی بووندایە، هەموو شتەکان لە خودی خۆیاندا دژ بەیەکن.

١٥- لەوێوە کە هێزی هۆش تەنیا شتەکان بەشێوەی «ئەم» یان «ئەو» دەبینێ، عەقڵ بەدوای تەواویەتیدایە.

١٦- هێزی هۆش (شعور) بەدوای لێکپچڕاندنە، بەڵام عەقڵ بەدوای یەکیەتیەوەیە لە تەواویەتی بابەتی و بنبڕدا. ئەم تەواویەتیە لە وەکیەکی هەموو جیاوازییەکاندا کورت دەبێتەوە. ئەم وەکیەکیە لە روانگەی هیگڵەوە وەکیەکیەکی ئەبستراکت (مجرد) نییە، بەڵکو وەکیەکیەکی بابەتییە.

١٧- کەواتە فەلسەفەی هیگڵ بەپێی پێناسەی فەلسەفە، شتێکی بابەتیە، لێرەدا وشەی «بابەتی» (concrete) لە رەگی لاتینی concrescere, concretum بەمانای ئەو شتەیە کە لە رێگای ئاشکراکردنی کۆمەڵە بەشەکانی خۆی گەشە دەکات.

١٨- بۆ هیگڵ تەواویەتی لە رێگای چرکە پێکهێنەرەکانیەوە بەشێوەیەکی دیالێکتیکی پێکدێت.

١٩- کەواتە، هزری لۆژیکی لە فەلسەفەی هیگڵدا سێ قۆناغی هەیە:

١- قۆناغی ئەبستراکتیی هۆش.

٢- قۆناغی دیالیکتیکی عەقڵی نێگەتیڤ (نەرێی).

٣- قۆناغی تیۆریکی عەقڵی پۆزەتیڤ (ئەرێی) .

٢٠- لە روانگەی هیگڵەوە یەکیەتی دیالێکتیکی، یەکیەتی تیۆریکە، چونکە چەمک، جەوهەری خۆی لەوێدا دەدۆزێتەوە.

هیگڵ فەلسەفەی خۆی بەفەلسەفەی تیۆریک ناوزەد دەکات. لەم رێگایەوە جیاکردنەوەیەک دەکات لە نێوان میتافیزیکی هۆشەکی دیکارتی و فەلسەفەی رەهای خۆیدا.

## وانەی سێیەم

١- بەشێکی زۆر لەو بابەتانەی کە لە فینۆمینۆلۆژیای رۆحدا دەخرێنەڕوو، هەندێ چەمکن کە بۆ نووسینەکانی سەردەمی گەنجێتی هیگڵ دەگەڕێنەوە. بۆ نموونە چەمکی وەک ژیان و ئەڤین (عیشق).

٢- هیگڵی گەنج، نووسەری ئەو بەرهەمانەی کە بە Theologische Juend Schriftern ناوزەدیان دەکەین لە ژێر کاریگەری مەسیحیەت، رۆمانتیزم و یۆنانی دێریندایە.
٣- هیگڵ لەم قۆناغەی ژیانی خۆیدا هەروەک هولدرلین (Holdelrin) و شلینگ، لە چەمکگەلی وەک ژیان، عیشق و ئیماندا بەدوای یەکیەتی زیندوویی بارە دژەکاندا دەگەڕێت.
٤- بەبڕوای هیگڵ «دژایەتی لە عیشقدا بوونی هەیە بەڵام نەک وەک دژایەتی بەڵکو وەک یەکیەتی». کەواتە دەچێتە ئەودیوی دوالیزمەوە. ئەڤیندارەکان بەم یەکیەتیە دەگەن بەڵام هۆشیاریان لەسەری نییە. تەنیا فەیلەسووفە کە ئاگای لەم یەکیەتیەی دژەکانە. عیشق لە روانگەی هیگڵ بەمانای لەبیرکردنی خۆیە لە ئەویتردا، واتە لای ئەویتر لەماڵی خۆبوون (Sich in einem Anderen selbst zn Vergessen).
٥- لە روانگەی هیگڵەوە عیشق ژیانەو ژیان رۆح یان زەینە.
٦- لە چەمکی ژیاندایە کە سێنتیزی (synthese) نێوان یەکیەتی و فرەیی و هەندەکی و هەمەکی ئەنجامدەدرێت.
٧- هیگڵ بوون بە «ژیانی پەتی» ناوزەد دەکات.
٨- ژیان رەهەندی بێ کۆتایی زیندووەکانە، واتە کۆتایدارێک کە بێ کۆتایی کراوەو ئەو بێکۆتاییەی کە کۆتایدار بووە.
٩- ژیان رۆحە، وەلێ رۆحیش زەمەنە (کاتە). Geist ist der Zeit.
١٠- رۆح لە زەمەن دایە. Geist ist der Zeit.
١١- بەجۆرێکیتر، ئەو رۆحەی هیگڵ لەمەڕی دەدوێت، زەمەنەو ئەو زەمەنەی هیگڵ وەسفیدەکات رۆحە. چونکە زەمەن، جوڵەی ئەبەدی رۆحە.
١٢- لە فەلسەفەی هیگڵدا زەمەن (کات) پرۆسەیەکی دیالێکتیکی هەیە. مرۆڤیش بەپێی پێناسە خودان جەوهەرێکی دیالێکتیکیە، چونکە مرۆڤ بەردەوام «نەء» بەئێستای خۆی دەڵێت.

١٣- مرۆڤ بە «نەء» گوتن بەئێستا و هەنووکەی خۆی، ئایندە دروستدەکات.

١٤- ئاینده هیچ نیه جگه له ئێستای نەرێ کراو.

١٥- فەلسەفەی مێژوو بەبێ جەوهەری دیالێکتیکی زەمەن و مرۆڤ نامەکینە.

١٦- ئەگەر لە دیدێکی هیگڵیەوە سەیری ئەم پرسە بکەین، دەتوانین بێژین کە زەین لە مێژوو دایە و مێژوو لە زەین. مرۆڤ هاوکات بکەری مێژووە و گێڕەرەوەیەتی.

١٧- تێڕوانینی هیگڵ بۆ مێژوو بەدوور نییە لە تێڕوانینی بۆ ئایین. لە نووسینەکانی سەردەمی لاوێتی دەنووسێت: «خوا بێ جیهان خوانیە» (ohne welt ist Gott nicht gott).

١٨- بەجۆرێکی تر، جیهانی کۆتایدار، چرکەیەکی گرنگە لە بێ کۆتایی.

١٩- خودا بەبێ نەنواندنی جیهان. بێ کۆتایی ئەبستراکتە (مجرده).

٢٠- هیگڵ دژی سوود وەرگرتنە لە نیشانەی «یەکیەتی بوون» (pantheism) بۆ وەسفکردنی فەلسەفەکەی.

٢١- هیگڵ لە یەکێک لە قۆناغەکانی هزریدا، خوا بەئایدیای رەها ناوزەد دەکات.

٢٢- دەبێ ئایدیای رەها بۆ گۆڕان بەرەو هەمەکی بابەتی زەینە کۆتایدارەکان بخاتەڕوو.

٢٣- زەینە کۆتاییدارەکان تەنیا بەسەر لەنوێ ناسینەوەی ئایدیای رەها خۆیان سەر لەنوێ دەناسنەوە.

٢٤- لە فینۆمینۆلۆژیای رۆح (دیاردەناسی زەین)دا ناسینەوە (یان سەرلەنوێ ناسینەوە) recognition بەمانای تەبایی. reconciliation نێوان دوو خود ئاگایە.

٢٥- لە راستیدا لەو جێگایەی کە زەین لە تەک هەمەکیەتی خۆیدا تەبایە، ئازادی راستەقینەی خۆی بەدەستدێنێ.